# دەستوری بێ مانی و ئیلحاق و هەڵاواردن

## ڕەخنەیەك لە "ڕەشنوسی دەستوری هەرێم"

نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد و فاتیحی شێخ

## پێشەکی

-----------

لە لایەن "پەرلەمانی کوردستان"ەوە پرۆژەی دەستوریکی پیشنیاریی بۆ "هەریمی کوردستان" خراوەتە روو گوایە بۆ ئەوەی لە پیشدا لە ئاستی رای گشتی و "لایەنەکانی پەیوەندیدار"دا گفتوگۆی لەسەر بکریت و پاشان دەقی کۆتاییەکەی لە ریفراندۆمیکدا دەنگی بۆ بدریت. ئەو ریفراندۆمە قەرار بوو مانگی دیسەمبەری ئەمسال ئەنجام بدریت، بەڵام بەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و تاریکتر بوونەوەی ئاسۆی دامەرزاوی سیاسی لە عیراقدا، لەناکاو سەرۆکی پەرلەمان، بەبێ هیچ روونکردنەوەو بەلگەیەك، رایگەیاند کە ماوەی گفتوگۆ لەسەر دەستور تا مانگی چواری سالی داهاتوو دریژ دەکریتەوە!

پرۆژەی دەستووری هەریم لە زۆر رووەوە جیگای باس و رەخنە و هەلسەنگاندنە، کە سەرەکیترینیان ناکۆکی سەرتاپای ئەم بەلگەنامەیەیە لەگەل واقیعی کۆمەلگای ئەمرۆی کوردستان و لەگەل مافە سەرەتاییەکانی خەلك، ناوەرۆکی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەیەتی لەچاو پیشکەوتنی تائیستای کۆمەلگا، لەچاو ئەو مەسەلە چینایەتی و سیاسی و کۆمەلایەتییانە کە هەرئیستا بەرەورووی دەسەلاتداران و سەرجەم "لایەنەکانی پەیوەندیدار"ی کۆمەلگای چینایەتی کوردستان بوونەتەوە.

بەڵام ئەگەر پیشنووسی دەستووری هەریم لەگەل پیداویستییەکانی ئەمرۆی کۆمەلگای کوردستان نایەتەوە، دەقبەدەق کالایەکە بە بالای دەسەلاتی سیاسی کۆنەپەرستانەی هەریمدا براوە. یەکبەیەکی "دەروازە"کان و بەندەکانی ئەم دەستوورە رەنگدانەوەی پیداویستی رۆژانەی دەسەلاتی دوو حیزبی حاکمی کوردستانە. هەموو رەنگ گۆرین و قەوارە گۆرین و کەم و زیاد کردنی لە 1992ەوە تا ئیستا (وەك باقی بەلگەنامە یاساییەکانی پەرلەمان و وەك خودی پەرلەمان) تابیعی بەرژەوەندی کات و ساتی دوو حیزبی دەسەلاتدار بووە چ لە پەیوەندی رکابەرانەی نیو خۆیاندا و چ لە پەیوەند لەگەڵ حوزووری داگیرکەرانەی ئەمریکا و کۆنەپەرستی گرووپە ئیسلامییە دەسەلاتدارەکان کە مەرکەز و جنووبی عیراقیان بۆ خەلکەکەی کردووە بە جەهەنەم.

مەوقیعییەتی سیاسی و تاکتیکی دوو حیزبی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عیراق دوای 1991، بەتایبەت دوای سەردەمی هیرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق لە 2003، لەگەل ئەوەدا کە پر بووە لە فرسەت و ئیمکاناتی زۆر لەبار کە هەرگیز بە خەون و خەیالیشیاندا گوزەری نەدەکرد، هەمیشە لەگەڵ دوو گرفتی سەرەکی رووبەروو بووە: یەکەم گریدراوییان بە سیاسەتی بەنبەست گەیشتووی ئەمریکاوە بووەتە هۆی هەلواسراویی سیاسی کۆمەلگای کوردستان و هەلواسراویی دەسەلاتی ئەوانیش لە ناو گیژەنگی گۆمی خوینی عیراقدا. دووهەم کۆتایی کردنیان لە وەلامدانەوەی ئەو داخوازی و تەوەقوعانە کە چینی کریکار و کۆمەلانی خەلك رۆژلەرۆژ زیاتر بەرەورووییانی دەکەنەوە. پیشنووسی دەستووری هەریم لە کاتیکدا دەخریتە بەر زار و زمانان کە ئەو دوو گرفتە سەرەکیە لە هەموو سەردەمیك زەقتر بوونەتەوە. بەجۆرە ئەو دەستوورەی کە دەیانەویست وەك تۆریك بیخەنە دەست و پیی مافەکانی خەلك، ئیستا کەوتوەتە بەر رەخنە و تەنانەت گالتەی خەلکانیکی زۆر و بە رادەیەك شروشیتاڵ کراوە کە بە واقیع بوەتە مایەی کیشە و سەریشە بۆ پیشکەشکەرانی و خەریکە زۆر گران لەسەریان دەکەویت.

لەراستیدا مەسەلەی سیاسی سەرەکی لە کوردستان ئیستا هەوڵ دانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان و دەرهینانی لە بێ ئاسۆیی و نادیاری و نادلنیایی، نەوەك هەوڵ دان بۆ داسەپاندنی دەستووریکی پر لە ناکۆکی بەسەر کۆمەلگایەکی لە باری سیاسیەوە هەلواسراودا. مەسەلەی سیاسی سەرەکی کە ئەمرۆ لە کوردستان پیویستە ریفراندۆمی بۆ بکریت، مەسەلەی سەربەخۆییە پیش هەر دەستووریك، با باشترین دەستووریش بیت، چ جای دەستووریك کە ئاوا کۆنەپەرستانە بیت.

رەخنە لە پرۆژەی دەستووری هەریم ئەمرۆ لەسەر زەمینەی ماددی نارەزایەتی قووڵ و بەرفراوانی جەماوەر، دەتوانێ سەرەتایەك بیت لە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینتری رەخنە لە سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی زاڵ بەسەر کوردستاندا. ئیمە هەوڵ دەدین بەشیك بین لەم جووڵانەوە کۆمەڵایەتیە و لەم بوارەشدا دنەدەری رەخنەگرییەکی رادیکاڵ و بنەرەتی بدەین لە ئاستی جەماوەردا. ئیمە هەوڵ دەدەین لە روانگەیەکی سۆسیالیستیەوە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی ئەم پرۆژەیە بدەینە بەر رەخنەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆجیك و کولتووری و لە دەربیجەی "دەروازە"کان و بەندەکانی ئەم پیشنووسی

دەستوورەوە، ناکۆکی بنەرەتی لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی هاوولاتیان ئاشکرا بکەین، لە هەمانکاتدا دواکەوتویی و کۆنەپەرستانەبوونی تەنانەت بە پیوانە بورژوازیانەکانی سەردەمیش نیشان بدەین. نە تەنها بە پیوانە و بەراورد لەگەل دەستورە بورژوازیە مودیرنەکانی ئیستا، بەلکو بە بەراورد لەگەل ئەو دەستورە بورژوازیانەش کە سالەها لەمەوبەر نوسراون.

جیگای سەرنجە لە "یادداشتی روونکردنەوە"ی کۆتایی ئەم پرۆژەیەدا، هاتوە دەلیت "لە راستیدا، دەستورەکانی باشوری ئەفریقیا و ئوستڕالیا و وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەلمانیا و هیند و مالیزیا و بۆسنیا و ئیتالیا و مەکسیك لەگەل دەستوری بیست و دوو دەولەتی عارەبی و دەستورەکانی عیراق، لە دامەزراندنیەوە بە یاسای بەریوەبردنی دەولەت و دەستوری فیدرالیەوە لە گرنگترین سەرچاوەکانی لیژنەو کانیاوی زانیاریەکانی بوو بۆ گەران بە دوا و هەڵهینجانی ئەو هزرو حوکمو بنەما دەستوریانەی لەگەل هەریمدا دەگونجین" بەلام ئینسان دەتوانی گرەو لەسەر ئەوە بکات کە لەم گەرانەدا پسپۆرانی ئەم لیژنەیە، تەنها بەدوای ئەو سەرچاوەو فۆرمۆلەبەندیانەدا گەراوون، کە لەگەل مافو ئازادیەکانی هاولاتیانی کوردستان نایەنەوە یان چۆنیەتی پیشیلکردنی ئەو مافو ئازادیانەیان لە قالبیکی دەستوریدا دارشتووە. یان رەنگە بەو مەبەستەوە گەرابیتنەوە بۆ ئەو سەرچاوانە، کە نەوەك بەسەریاندا تیپەریت و بەندیکی پیشکەتوانە بخزیتە نیو پرۆژەکەیانەوە. بۆیە بەراوردکردنیکی نیوان ئەم پرۆژەی دەستورە لەگەل دەستوری بۆ نمونە ئەلمانیا یان هەتا جنوبی ئەفریقیا، کە گوایە لە سەرچاوەکانین، نیشانی دەدات، کە هیچ لیکچونیك لەو رووانەوە لە نیوانیاندا نیە کە مافیك دەخاتە ناو دەستی هاولاتیانەوە، ئەودوای هەر لیکچونیکیش ئەگەر لە نیوانیاندا هەبیت، دەچیتە ئەو خانەیەوە کە پیشتر باسمان کرد. بەلام دەتوانی لیکچونیکی سەرتاپاگیر لە نیوان ئەم پرۆژەیەو دەستوری پیشووی ئیستای عیراقو ئەو 22 دەولەتە کۆنەپەرستو دکتاتۆرو دواکەوتوانە عەرەبیەو دەولەتانی دیکەی ئیسلامی، بە زەقی ببینریت.

پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەم لیژنانە بۆ نمونە دەستوری ئەفریقیای جنوبی(1) یان وەك سەرچاوەیەك وەرگرتوە کە 10 سال لەمەوبەر نوسراوە، بۆچی پرۆژەکەی خۆیان کە بۆ ئەمرۆی کوردستان و 10 سال دوای دارشتنی دەستوری جنوبی ئەفریقیا دەخریتەروو، بە بەراورد لەگەل ئەو دەستورەدا ، زۆر دواکەتوانەو پەستینراوە لە کۆنەپەرستی؟ بەلام لیکچونیکی زۆری لەگەل ئەو دەستورە کۆنەپەرستانانەی ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلام هەیە کە دەیان سال لەمەبەر نوسراونو پیشینیەیەکی سەدان سالەشیان هەیە لە رووی نەریتەوە؟ بۆ لە دەستوری جنوبی ئەفریقیا ئەوپەرەکەی فۆرماتو هەندیك لایەنی روالەتی وەرگیراوە، بەلام لە نەریتەکانی ناسیونالیزمی عەرەب و فارس و تورك و ئیسلام، قولترین کاریگەری ناوەرۆکی وەرگیراووە، ئەمە ئاشکراترین بەلگەی لیکچونی ماهیەتی ناسیونالیزمی کوردە لەگەل نەریتەکانی ئەو ناسیونالیزمانە و لەگەل نەریتە ئیسلامییەکان کە ئیمە لە زۆر جیگا و بۆنەی تردا باسمان لیوەکردوە.

بەلام دیسان جیگای خۆیەتی ئەوەش بپرسین کە ئەگەر ناسیونالیزمی کورد بە دوای سەرچاوەیەکی مودیرن و دیموکراتیکدا دەگەریت بۆ دارشتنی دەستوریك، کە ژیانی کۆمەلایەتی خەلکی کوردستانی پی ریکبخات، ئەگەر ناسیونالیزمی کورد تۆزقالیك پابەند بوایە بە پروپاگەندەکانی خۆی سەبارەت بە دیموکراسی و مودیرنیزم، هۆی چیە بۆ نمونە دەستوری وولاتیکی وەکو سوید بە سەرچاوە وەرنەگیراوە، بەلام دەستوری وولاتانی عەرەبی، کە نوقمی ناسیونالیزم و نەتەوە پەرستیو کۆنەپەرستی ئیسلامین، بە قسەی خودی پسپۆرانی ئەم پرۆژەیە، سەرچاوەی ئەم دەستورە پیکدەهینن؟!

جیاواز لە ناوەرۆکە کۆنەپەرستانەکەی، خودی هینانە گۆری ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی دەسەلاتدارەوە، جگە لە هەولیك بۆ سەقامگیرکردن و داسەپاندنی دەسەلاتی خۆیان، کە ئیستا لەلایەن جەماوەری فراوانی خەلکی کوردستانەوە، کەوتوەتە بەرامبەر نارەزایەتی، هیچ مانا و مەبەستیکی تری نیە. ئەم پرۆژەیە رووی لە وەلامدانەوە و چارەسەری هیچ گرفت و کیشە و مەسەلەیەکی خەلکی کوردستان نیە. ئەوان دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە گوایە خەلکی کوردستان بە ئازادانە و دلخوازانە "مافی چارەی خۆ نوسینیان" دیاری کردوە کە بریتیە لە "فیدرالیزم"و پەیوەندی فیدرالی لەگەل دەولەتی مەرکەزی عیراق، هەروەها گوایە مەسەلەی دەسەلات لە کوردستاندا دیسان بە شیوەیەکی دیموکراتیك لە ریگای "هەلبژاردنی ئازاد"ەوە براوەتەوە و ئیستا ئیتر کاتی ئەوەیە دەستوریك بۆ ئەم "چارەنوسە دلخوازە و دەسەلاتی دیموکراتی کوردستان دابنریت". لە کاتیکدا بەدەر لە هەموو فریوکاریەکی ئەو پرۆسیسەی کە ئەم هەلومەرجە و دەسەلاتی ئیستای کوردستانی لیکەوتوەتەوە، بەپێی لیکۆلینەوە و راپرسیە تەجرییەکانی کەنالەکانی خودی ئەم حیزبانە، دوو لەسەر سێی خەلکی کوردستان لە هەلومەرجی ئیستاو ئایندەی کوردستان دلنیا نیە و بە چاویکی پر نیگەرانیەوە تەماشای دەکات. بەشی هەرە زۆری خەلکی کوردستان، چ ئەوانەی تورەو نارازین لە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردو چ ئەوانەی کە پێی خۆشباوەرن، نیگەرانی گەورەیان ئەوە نیە، کە ئەم دەسەلاتە بە پێی چ دەستوریك و چۆنیان مامەلە لەگەل دەکات و چ مافیکیان بۆ دەستەبەر دەکات و چۆن کۆمەلگا ئیدارە دەکات، بەلکو ئەوەیە کە ئەم وەزعە بەرەو کوێ دەرواتو بە چ ئایندەیەك دەگات؟ گرفت و نیگەرانی گەورەی خەلك ئەوەیە کە ئایندە و چارنوسی ئەم کۆمەلگایە، لە نیوان

بەرداشتی جەنگ و تیرۆریزم و دەسەلاتی میلیشیایی و هەرەشەی جۆراوجۆری نیو ئەو هاوکیشە لەرزۆك و پر لە ئالوگۆرەی کە لە ئارادایە، چی بەسەر دیت. نیگەرانیان ئەوەیە کە هەتا ئەم فیدرالیزمەی کە گوایە "پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسینی خەلکی کوردستانە"، هەم لە هەموو رویەکەوە لەژیر مەنگەنەی هیزە ناسیونالیستە عەرەبی و ئیسلامیەکاندایە، هەم لە ئیستادا خەلکی گرفتار کردوە و ئایندەی کۆمەلگای کوردستانیشی بە نادیاری هیشتوەتەوە. کەواتە بە هەموو ئەو بەلگانە، هیشتا مەسەلە و گرفتی سەرەکی کۆمەلگای کوردستان، یەکلاکردنەوەی ئایندەو دەسەلاتی سیاسیە، نەك دارشتنی دەستور بۆ هەلومەرجیکی نادیار و نادلنیا و هەلواسراو و داسەپاو.

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد وەکو هەمیشە دەیانەوێ باز بەسەر کیشە واقعیەکانی کۆمەلگادا بدەن و هەموو شتیك بکەن بە فیدای مەرامی تایبەتیو چەسپاندنی بەشە دەسەلاتی خۆیان. کیشە و مەسەلەی سیاسی واقعی و سەرەکی ئیستای ئەم کۆمەلگایە، بریتیە لە بوارکردنەوە بۆ ئەوەی جەماوەری خەلك لە ریفراندۆمیکی ئازاددا بریار لەسەر ئایندەیەکی روونakو دلخوازو مسۆگەر بدەن، هەروەها کیشەی خەلك ئەوەیە کە لە رکیفی دەسەلاتی میلیشیایی و گەندەلو داسەپاوی ئەحزابی ناسیونالیست دەربازبن و لە فەزایەکی ئازاد و ئارامدا بریار لەسەر حکومەتیکی پیشکەوتوانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەلك بدەن. کە ئەمەی دووەمیشیان بەوەی یەکەمەوە گرێ خواردووە.

بەلام ئەم پرۆژەی دەستورو سیناریۆی ریفراندۆمە بۆ پەسەندکردنی دەستور، ئەوەی بە فەرز وەرگرتوە کە ئەو فیدرالیزمەی ئەحزابی ناسیونالیست لە چوارچیوەی سیاسەت و بەندو بەستی خۆیاندا سەپاندویانە، هەروەها دەسەلاتی میلیشیایی داسەپاوی خۆیان، چارەنوسو دەسەلاتی براوەی ئەم کۆمەلگایەنو گوایە ئیستا نۆرە هاتوەتە سەر دارشتن و پەسەند کردنی دەستورەکەی. لە کاتیکدا مەسەلەکە بە تەواوی پیچەوانەیە. لە پیشدا دەبی بە دەخالەتی ئازادانەی خەلك بریار لەسەر چارەنووسی کۆمەلگا بدریت، پاشان هەر بە دەخالەتی ئازادانەی خەلك حکومەتیك پیکبیت و کۆمەلیك هەنگاوی خیرا بە مەبەستی وەلامدانەوە بە گرفتە ئەسلیەکانی کۆمەلگا هەلگریت، بە دوای ئەوانەداو لە فەزایەکی بەو جۆرەدا نۆرە دیتە سەر پەسەندکردنی دەستور. تەنها لە فەزایەکی بەو جۆرەدا دەکریت دەستوریکی پیشکەوتوانەو مودیرنو ئازادیخوازانە بۆ بەریوەبردنی کۆمەلگا و دەستەبەرکردنی مافەکانی هاولاتیان پەسەند بکریت.

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، تا ئەو جیگایەی بە چارەنوسی کۆمەلگا دەگەریتەوە، وەکو سەرەکی ترین مەسەلەی ئەم کۆمەلگایە، پەرلەمانی هەلوەشاوە و ناقانونی پیشویان بە وەکیلی خەلك دادەنین و دەلین ئەوە پەرلەمانی کوردستان لە جیاتی خەلك لە 1992 بریاری لەسەر چارەی خۆنوسین داوە و فیدرالیزمی هەلبژاردووە!! بەلام کاتیك نۆرە دیتە سەر داسەپاندنی دەستور، دەزانن لەم فەزایەدا چۆن وەکو هەمیشە پەنجە مۆری خەلکی وەردەگرن، دەلین بۆ بریاردان لەسەر دەستور پیویستە و دەبی ریفراندۆم بەرپا بکەین. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر پەرلەمان لە مەسەلەی بریاردان لەسەر چارەنوس وەکیلی خەلك بیت، بۆ بریاردان لەسەر دەستور بۆچی ئەم وەکالەتەی نیە؟! وەیا ئەگەر پەرلەمان بۆ بریاردان لەسەر دەستور وەکیلی خەلك نیە و ریفراندۆم لازمە بۆچی لەسەر چارەی خۆنوسین ریفراندۆم لازم نیە؟! بۆچی بۆ پەسەندکردنی دەستور ئەوەندە دەستو دل فراوانن لە بواردان بە راپرسی بەخەلك، بەلام بۆ مەسەلەیەکی زۆر لەوە گرنگتر واتە "چارەی خۆنوسین"، کەمەسەلەی دەستور لەوەوە سەرچاوە دەگری و بە پێی نەریت لە دنیادا راپرسی گشتی بۆ دەکەن، پەرلەمان دەکەن بە بریاردەر لە جیاتی خەلك؟! ئەمە دەتوانی یەکیکی تر بیت لە سەرسورهینەکانی دنیا، کە لە مەنتقی ئەحزابی ناسیونالیستی کورددا بریار لەسەر دەستور پیویستی بە ریفراندۆم هەیە، بەلام بریار لەسەر چارەی خۆنوسین ریفراندۆمی ناوی!!

بە پێی ئەو بەلگەو رونکردنەوانەی باسکران، ئیمە بە گشتی ئەم سیناریۆیەی ناوی نراوە پەسەندکردنی دەستوری کوردستان لە ریفراندۆمیکدا، بە فریوکارانە و بازدان بەسەر ئیرادەی خەلکو گرفتەکانی کۆمەلگادا دەزانین، مەبەست لیی سەقامگیرکردنو توندکردنەوەی دەسەلاتی داسەپاوی خۆیانە بەسەر خەلکدا. بۆیە نە تەنیا پرۆژەی دەستورەکەیان، بەلکو دەبێ گشت ئەم پرۆسەیە لەلایەن خەلك و هیزە پیشکەوتوانەو ئازادیخوازەکانەوە رەت بکریتەوەو پەکی بخریت. دەبی پی لەسەر ئەو داخوازیە داگیریت کە بەر لە هەر شتیك، لەوانە پەسەندکردنی دەستور، ریفراندۆمیك بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان بەرپا بکریت. بەلام جیاواز لەم حوکمە گشتی و دروستە، ئیمە لەم نوسراوەیەدا بۆ پەردەلادانی زیاتر لە لەسەر مەرامو ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی تەرح و پرۆژەکانی ناسیونالیزمی کورد، هەول دەدەین لە مەیدانە جیاجیاکاندا ئەم پرۆژەیەی ئەوان بدەینە بەر رەخنە.

دریژەی هەیە

---

(1) ئیمە هەولّ دەدەین دەستوری ئەفریقیای جنوبی وەرگیرینە سەر زمانی کوردی و لەگەلّ بەشەکانی تری ئەم زنجیرە وتارە وەك نموونەیەك دەیخەینە بەر دەستی خوینەری کوردزمان.